# دەسەڵات سەرچاوەی گەندەڵیە و چارەش گۆڕانی بنەڕەتیانەیە

**شاخەوان شۆڕش**
**23.11.2005**

سەرەتا پێویستە بگوترێت, ئەو سیستەمەی لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکەی باشور پیادە دەکرێت, جۆرە سیستەمێکی یەکپارتە, بەو تێگەیشتنە پارتی دەسەڵاتدار بەسەر هەموو دەزگاکانی بەڕێوەبردن, هێزی سەربازی و زۆربەی سەرچاوەکانی ژیاندا زاڵە, دادگا لەژێر دەستی ئەواندایە و یاسادانان دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە ئاست ئەواندا نییە. ئەوەی ئەو سیستەم و دەسەڵاتانەی باشور لە وڵاتێکی سیستەم یەکپارتی دیکتاتۆری وەکو بۆنمونە سوریا جیا دەکاتەوە ئەوەیە, ئازادیەکی سنوردار بە میدیا و ڕێکخراوە سەربەخۆکان دراوە, ئازادیەکی سنورداری جوڵانی سەرمایە و کار بۆ کەسە سەربەخۆکان هەیە, مافی کەمینەکان بوونیان هەیە. بەڵام وەکو گوترا مۆرک و دیاردەکانی سیستەمی یەکپارت زۆر زاڵن. پارتەکانی دیکە کە لەبنپاڵی ئەواندا هەن, هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و دەبێ سنوری بەرژەوەندیەکانی پارتی دەسەڵاتدار لەبەرچاو بگرن.

دیاردەی ساختەکاری, واستە, بەرتیل و تاڵانکردنی سامانی نەتەوە لەهەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکەی باشوری کوردستاندا بەڕاشکاوی هەن. ئەو دیاردە دزێو و ناڕەوایانە بە بەرفراوانی زۆربەی یا دەکرێ بگوترێت هەموو شوێن و قوژبنێکی دەزگا میریەکانیان گرتۆتەوە, هاوکات ئەو دیاردەیە بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی ناوچەکە. بەشێکی کەم قازانجی لەو بارەی کوردستاندا هەیە و زۆرینەش پشتگوێخراوە.

دیارە هەروەک چۆن پارتی دەسەڵاتدار و میری (حکومەت) ئاوێتە و تێکەڵی یەکن, لەیەکتر جوداکردنەوەی پارت و دەزگا میریەکان ئاسان نییە و پارت خزیوەتە ناو هەموو شوێنێکی بەڕێوەبردن لە هەموو ئاستێکدا, بەمشێوەیە پارت خۆی میریە و میریش پارتە. پارت لەهەرکوێ بیەوێ و لەهەر ئاستێکدا بێت دەتوانێت کەسێ دابمەزرێنێت یان دەری بکات, کەسێ بگرێت یا ئازادی بکات, موچە بداتە کەسێک یا بیبڕێت, سوپا بانگهێشت بکات و ئەرکی پێ بسپێرێت, مینستەر دابمەزرێنێت یا لای بدات, زەوی دابەش بکات یا دەستی بەسەردا بگرێت هتد.
بەهۆی ئەوەی پارتی دەسەڵاتدار خۆی خاوەن دەسەڵاتە و جۆرە سیستەمێکی یەکپارت پیادە دەکات, ئەوەی لە دیاردەی گەندەڵیدا باڵادەستە ئەندامانی پلەبەرزی ناو پارتی دەسەڵاتدارن. ئەوەی پشتگیری پارتی دەسەڵاتداری نەبێت, شوێنی نابێتەوە و ئەگەر بەڕێکەوت شوێنیشی ببێتەوە ئەوە بواری گەندەڵیەکەی سنوردارە, ئەگەر گەندەڵیش نەبێت, ئەوە گەماڕۆی دەخرێتەسەر و دەردەپەڕێندرێت.

لە باشوری کوردستاندا و سەبارەت بە هەردوو دەسەڵاتەکە, سەرۆک یەکسانە بە پارت, پارت یەکسانە بە دەسەڵات, دەسەڵات یەکسانە بە سەرۆک, پارت و سەرۆک یەکسانن بەدەسەڵات و بەپێچەوانەوە. بەمجۆرە هەموو ئاوێتەی یەکن و لەیەکتر جوداکردنەوەیان لەو بارەی ئێستادا کە پارتی دەسەڵاتدار لەسەرەوەی یاسا و گەل دایە, زۆر سەختە. تا ئەو ڕەوتە یەکپارتە بەردەوامیش بێت ئەو جوداکردنەوەیە ناکرێت.

چارەسەری دیاردەی گەندەڵی کارێکی زۆر سەختە, ئەگەر ئەو سیستەمە یەکپارتە هەبێت. سامانی نەتەوە ئەوجا چ داهات و دارایی, یا کەرستە و سامانە سروشتیەکان بۆ بەرژەوەندی پارت بەکاردەهێندرێت, بەرژەوەندی پارت یەکسانە بە بەرژەوەندی میری, خەرجی دەزگا گشتیەکان خەرجی پارتیشە, بەو واتایە ئەوی پارت خەرجی دەکات و بڕیار لەسەر بەکارهێنانی دەدات, هەمووی وەکو خەرجی دەزگا و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وایە, هەروەها بەپێچەوانەوە, چونکە خەرجی گشت و خەرجی پارت ئاوێتەی یەکن. لەو سیستەمەدا کە لەبنچینەدا لە سیستەمێکی تۆتالیتارانەوە سەرچاوە دەگرێت, بەرژەوەندی پارت یەکسانە بە بەرژەوەندی گەل, بەم پێیە هەرچی پارت بیکات لەبەرژەوەندی گەلدایە, چونکە تەنها پارتی دەسەڵاتدار نوێنەری ڕاستەقینەی بێئەملاوئەولای گەلە!

بەڵام ئەگەر کەسێک بوێرێ بپرسێت, پارتی دەسەڵاتدار بۆی نییە خۆی تێکەڵی خەرجی دەزگا میریە گشتیەکان بکات؟ دەکرێ پرسیاری لەو شێوەیە دەرکردن و گەمارۆی لێبکەوێتەوە. ئەوە چۆن دەکرێت, ئەگەر ئەو دووانە ئاوێتەی یەکتر کرابن. دیارە خەڵکی ناو دەسەڵات کە زۆربەیان خۆیان سەر بە پارتی سەرۆکن, پرسیاری لەو شێوەیان پێ سەیرە, چونکە ئەوان پێیان وایە, ئەوەی پارت بڕیاری لەسەر دەدات هەمووی لەبەرژەوەندی گەلدایە. بۆیە نابەجێ و ناشیاوە ئەگەر پرسیار بەرامبەر بە دڵسۆزی پارت و سەرۆک دابندرێت.

ئەگەر بمانەوێ "چارەی" گەندەڵی لە باشوردا بکەین, یا بیر لە چارەسەری ئەو دیاردەیە بکەینەوە, کارێکی باشە ئەگەر سەیری وڵاتە سیستەم یەکپارتەکان بکەین و بزانین چارەسەر لەو وڵاتانەدا چەند گونجاوە, بۆنمونە لە میسر, سوریا, کوبا هتد (جیاوازی لەنێوان ئەو وڵاتانە و کوردستاندا هەیە, بەڵام وەکو گوترا لە باشوردا پیادەی جۆرە سیستەمێکی نزیک لەوان دەکرێت). ئاخۆ دەرکردنی بەرپرسێک یا مینستەرێک لە سوریا یا میسر چەند کاریگەری لەسەر نەمانی گەندەڵی لەو ستاتەدا هەیە؟ بێگومان زۆر کەم یا لە ڕاستیدا هەر نیەتی. جگەلەوەی ئەو کەسە تەنها کارتۆنێکە و دەسەڵاتی سنوردارە, دیارە کێشەکە هەر بەتەنها ئەو بەرپرسە یا ئەو مینستەرە نییە, بەڵکو هەموو سیستەمە ڕامیاریەکە, ئابوریەکە و دەزگا بەڕێوەبەرەکەیە. تاکو سیستەمێکی لەو جۆرە بەردەوام بێت, چارەی گەندەڵیش زۆر سەختە بکرێت و لەڕاستیدا ناکرێت.

کامە بەرپرس و کامە مینستەر (وەزیر) لێپێچانەوەی لەسەر گەندەڵی لەگەڵدا بکرێت؟ کامە بەرپرسی شارەوانی لێپێچانەوەی لەگەڵدا بکرێت؟ گریمان ئەو بەرپرسە یا فلانە بەرپرس دەرکرا, ئەوە چارەی گەندەڵی دەکات, لە کاتێکدا کەسێکی دیکە لەسەر بنچینەی ئەندامەتی پارت, یا خزم, یا هۆز, یا پیاوماقول یا شتی تری لەو بابەتە لە شوێنیدا دابندرێت؟!
گەندەڵی بەتەنها لەخوارەوە نییە, تاکو بە کەمکردنەوەی بتوانرێ چارەی کێشەکان بکرێت. گەندەڵی باشور لەهەموو ئاستێکدا هەیە. هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و سەرکردایەتیەکەیان خۆیان ئەو گەندەڵیەی ئەمڕۆی کوردستانیان دروست کردووە و ئەوانن سەرچاوەی گەندەڵیەکەن. دەستیان بەسەر سامانی نەتەوەدا گرتووە, بە ئارەزووی خۆیان و بەگوێرەی بەرژەوەندی پارتەکانیان بەکاری دەهێنن. هەر بەرپرسە چەندین زەوی وەرگرتووە, موچەی بەرزی هەیە, خانووی دراوەتێ, سەرمایەدارە و بازرگانێکی نەقۆرایە, خزمەکانی دامەزرێندراون, شەهیدەکانی بەرز ڕاگیراون هتد. ئەو پارە و زەوی و سامانە لەلایەن کێ دەستی بەسەردا گیراوە و کێ بڕیاری دابەشکردنیان دەدات؟ بێگومان پارتی دەسەڵاتدار بەگشتی و سەرکردایەتیەکەیان بەتایبەتی. ئەوەی قازانجی کردووە کەمینەیەکن بریتین لە سەرۆکەکان, بنەماڵەکانیان, خزمەکانیان, ناسیاوەکانیان و بەرپرسی پارتەکان, ئەوەی زیانی پێکەوتووە خەڵکە زۆرینە ڕەشوڕووتەکەیە. بۆیە ئەوەی ئەو دابەشکردنە ناڕەوایەی دروست کردووە پارتی دەسەڵاتدار و سەرۆکەکانن.
ئەوەی پارمەتیدەری تەشەنەکردنی ئەو گەنەڵیەیە دووبەرەکی یەکێتی و پارتییە, ئەوان خوانەخواستە هەر کەسێک تەنگەتاوکەن, دەچێتە لایەکەی دیکە و خەڵاتێکی گەورەتر لە پێشوو دەکرێت. ئەو کەسە شوێنی بەرزی لەناو پارتدا دەدرێتێ, زەوی و خانووی دەدرێتێ, موچەی باشی بۆ دەبڕێتەوە. ئەو پارە و سامانەش هی کێیە؟ بێگومان هی نەتەوەیە و ئەمڕۆ پارتی سەرۆک لێی سەرپشکە.

چارەسەری گەندەڵی کاتێک دەتوانرێ بکرێت, ئەگەر سزادان بگاتە سەرکردایەتی پارتەکان, ئەگەر ئەو دووبەرەکی و دوو بەڕێوەبەرایەتیە نەمێنێت, ئەگەر یاسا فەرمان بکات, ئەگەر دادگا دەسەڵاتی هەبێت, ئەگەر پەرلەمان قورسایی هەبێت, ئەگەر دەسەڵات لە پارت جیابکرێتەوە, ئەگەر سەرۆک لەژێر دەسەڵاتی پەرلەماندا بێت, ئەگەر میری نوێنەری گەل بێت و بۆ بەرژەوەندی گەل نەک پارت کار بکات, ئەگەر ئازادی و یەکسانی هەبێت و هتد. بۆیە کە داوای چارەسەری تەواوی گەندەڵی دەکرێت, بەجۆرێ لە جۆرەکان داوای هەموو ئەو گۆڕانانە دەکرێن, کە لەڕاستیدا ڕوودانیان ئاسان نییە و بەو دەسەڵاتەی کە خۆی سەرچاوەی گەندەڵیەکەیە زۆر دوورە بکرێت. بەمشێوەیە بەبێ گۆڕانی بنەڕەتیانەی ئەو سیستەمە خێڵەکی و یەکپارتە چارەسەری تەواو دوورە ڕوو بدات.